# خۆپیشاندانەکەی 1982 ی کەرکوک

عەلی مەحمود محەمەد

ئەم بابەتە لە کۆنفرانسی کەرکوک لە بەرلین ئەڵمانیا ساڵی 2002خوێنرایەوە
پێشکەشە بە ئەم هاورێیانەم شەهیدان سەفاء سدیق
و فەرەیدون فەتحەللا و هەردوو زیندانی خۆپیشاندانە کە کۆڵنەدەرانە بەرگەی برینداری و ئەشکەنجەیان گرت عبدەلخالق لە ئیسکان وە سەباح عبدالله لە شۆرجە قوتابی بەشی کیمیا وە حکمەتی کوڕی شەهید مامۆستا حەکیم .
ئەم نووسینە یەکەم بابەتە لەسەر ئەو خۆپیشاندانە نوسراوە ساڵی 1993 لە یادی 11 ساڵەی خۆپیشاندانەکە لە ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان بڵاوکرایەوە , بە هیوای گفتوگۆکردنم لە سەری
.

## پێشەکی

کەرکوک گرنگترین و دەوڵەمەندترین شاری کوردستانە چ وەک شار یان وەک پارێزگا.
گرنگییەکەی لەوەدا نییە کە مەڵبەندێکی دەوڵەمەندی نەوت و گاز و کانزایی و خاوەند سامانی ئاوی سەر زەمین و ژێر زەمین و زەوی بەرفراوانی کشتوکاڵی بەراوو دێمی و کشتوکاڵی یە .بەڵکە لایەنێکی گرنگییەکەی ستراتیژی شوێنەکەیەتی کە پنتی بەیەک گەیشتنی نەتەوە جیاجیاکانەو سنوری کوردستانە لە گەڵ عێراق ,تەواوی کێشمەکێش و ململانێکان لێرە ساغ دەکرێتەوە بۆ دیاری کردنی سنوری داهاتوی وڵاتی کوردستان.
کەرکوک لە مێژوی هاوچەرخیدا زۆر ڕوداوی گرنگی بە خۆوە بینیوە کە چونەتە لاپەڕەکانی مێژووەوە خاڵی وەچەرخانی مەزن بونە لە مێژوی کوردستان و عێراقدا.گرنگترینیان ڕاپەڕینی مەزنی کرێکارانی کۆمپانیای نەوت لە گاورباخی (لە مێژوی خەباتی سیاسی و جەماوەری کرێکارانی عێراق و کوردستان وەچەرخانی مەزن بوو.) وە ڕوداوە خوێناوییەکانی ساڵی 1959
.
بەهۆی گرنگی کەرکوک وەک ئابوری و جیۆپۆلتیک ئەم شارە بەردەوام پنتی ململانێ بوە لە عێراقدا.لە گفتوگۆکانی کورد لە گەڵ عێراقیشدا خاڵی بنەڕەتی کێشمەکێشەکان بوە .سەرچاوەی شکست و هەرەسی ئەو گفتو گۆیانە بوە لە نێوان هەردوو لا.

## گرنگی ئەم باسە

ئەم بابەتە گرنگییەکەی لەوەدایە لاپەڕەیەکی شاراوە لە خەباتی گەلەکەمان دەخوێنێتەوە ,کە تا ئێستا لەسەری نەنوسراوە و مێژوی ئەم کارەساتە خوێناوییە بە شاراوەیی ماوەتەوە.

لەم ڕاپەرینە جەماوەرییەوە دەرەکەویت کەرکوک وەک هەربەشێکی دیکەی ئەم کوردستانە هەر ڕاپەڕین و جولاْنەوەیەک لە کوردستان سەرهەلْ بدات کەرکوکیش دەگرێتەوە و کلْپەی دەگاتە باوەگوڕ گوڕ.ناتوانرێت سنورێک بە دەور ئیرادەی ئەم خەلْکەیا دروست بکرێت.ڕۆلْەکانی ئەم شارە بە بەخشینی گیانی خۆیان ڕێگە بە هەر دابڕانێکی ئەم شارە دەگرن لە کوردستان .کەرکوک هەمیشە وەک دواپنتی یەکلاکردنەوەی ململانێکان دەمێنێتەوە.

# گرفتەکانی نوسین لەسەر ئەم بابەتە

مێژوی بەرپا کردنی ئەم خۆپێشاندانە سالْی (1982)ە.لەو سەرو بەندەدا بەعس لە ترۆپکی هێزو تۆقاندندا بوو ,لەشەڕی عێراق ئێراندا ڕۆژهەلاْت و ڕۆژئاوا پشتگیرییان لێ دەکرد. هەلومەرجی شەڕی سارد , لایەنداری هەردوو ئۆردوگای دژ بە یەک لێی , بەسانایی دەیتوانی هەموو ڕوداوێک بشارێتەوە .ناتوانرا لەو کاتەدا ڕاپۆرتی دروست لەسەر ئەم ڕاپەڕینە تۆمار بکرێت بە پشت بەستن بە ئاماری دروست .تەنانەت پارتە چەکدارو گروپە سیاسیەکانی ئەوساش نەیان توانی ئەم کەلەبەرە پڕ بکەنەوە بابەتی دکۆمینت کراوی لەسەر ئامادە بکەن لە ڕێگەی ڕاپۆرتی ڕێکخستنەکانیانەوە.جگە لە دەستەیەکی سیاسی بچوک بە ناوی  گروپی کار کە ئەوکات چالاک بوون لە شارەکە  کە پاشتر نەمان کەمێک کاریان لەسەر کرد.عەقلْیەتی کارکردنی ئەوسای پارتە سیاسیەکان کە قورسایی کارکردنی  خۆیان خستبوە سەر کاری چەکداری لەسەر ئەم  جۆرە بابەتە کارەساتاوییانە کاریان ناکرد تا ڕژێمی پێ ڕسوا بکەن و لە خزمەت داخواز و ویستەکانی گەلەکەمان بەکاری بهێنن , خالْێکی لاوازی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بوو لەو سەروبەندەدا. هەرچەندە شەڕی ساردو هەڕەشەی پان ئیسلامیزمی کۆماری ئیسلامی ئێران بازنەی ئەم چالاکیانەی تەنگ کردبوەوە لەبەردەم کورد بەهۆی پشتگیری بەربلاْوی کۆمەلْگەی نێو دەولْەتی لە ڕژێم .شەڕی ناوخۆیی ئایاری سالْی 1983 ش تێسرەواندنێکی کە بوو بۆ یاد نەکردنەوەی لە سالاْنی دواتردا . بەم هۆکارانەو هەندێکی کە لەوانەیە من نەمتوانیبێت پەنجەی لەسەر دانێم ئەم ڕاپەڕینە بێدەنگی لێ کراو لەسەری نەنوسراو ئاماری دروست لەسەر ڕێژەی بەژدار بوان و قوربانیەکانی پێشکەش نەکرا.تاکە سەرچاوەش ئەمڕۆ بۆ من تەنها  یاداوەری و گوشینی مێشکە هیچی کە.

دوای ڕاپەڕینیش ئەگەر گرنگی پێ بدرایە دەتوانرا هەندێک زانیاری لە سەر کۆ بکرێتەوە و بکرێت بە دۆکۆمێنت .بەلاْم بە داخەوە لە بیر کراو لێکۆلْینەوەی لە سەر نەکرا وەک سەرجەم ڕاپەڕینەکاننی سالاْنی 1982 و 1984 , نەبوونی سەرچاوەو کۆن بونی کارەساتەکە  ئاوارەیی خەلْکی کەرکوک  ڕێگری سەرەکی بوون لەسەر پێشکەش کردنی بابەتێکی زانستیانە .کاری وا لە توانای دەزگاو ناوەندی کۆکردنەوەی زانستییە.ئاماری ڕاستی لە مەلەفەکانی بەعسدایە ئەوەی کە تەنها مەزەندەیە. بۆیە   هەر کەموکوڕییەک لە بابەتەکە تاوانی منی تێدا نییە .

# هەلومەرجی بەرپا کردنی خۆپیشاندانەکە

کاتێک لە ساڵیادی کارەساتە جەرگبڕەکەی قەڵادزێ 24-4-1974 ڕاپەڕین لە قەڵادزێوە دەستی پێکرد ,سەرجەم شارو شارۆچکەکانی ناوچەکەی گرتەوە بە دوایدا لە سلێمانی کڵپەی سەند ,لە 2-5-1982 کاتژمێر 30, 2 ی پاش نیوەڕۆ گەیشتە زانکۆی سەلاحەدین . لەو کاتەدا زانکۆی سەلاحەدین ناوەندی چالاکی و جموجۆڵی سیاسی بوو لە کوردستاندا.ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیەکانی ئەم زانکۆیە کەرکوکی بوون و شان بە شانی جەماوەری قوتابیان چالاکانە بەژداری ڕاپەڕینەکەیان کرد.تاکە شەهیدی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین سەفاء سدیق قوتابی کۆلیژی زانستی پۆلی سێ خەڵکی گەڕەکی ئیمام قاسم بوو ,دووەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکە لە بازاڕی شێخەڵا بریندار کراو پاشان گیانی بەخت کرد.

شەوی 4-5-2002 ڕازگری نهێنی لقی پارتی بەعس لە هەولێر یەک بە یەک بەشەکانی ناوخۆیی قوتابیانی زانکۆی بەسەر کردەوە بە هەڕەشەوە قوتابیانی ئاگادار کردەوە دەبێت زانکۆ بەجێ بهێڵن و چۆڵی بکەن .

ڕۆژی 5-5 -2004قوتابیانی زانکۆ گەڕانەوە شارەکانی خۆیان ,تەرمی شەهید سەفائیش ئەو ڕۆژە بردرایەوە بۆ کەرکوک .لە ناو قوتابیەکانی زانکۆدا ژمارەیەکی بەرچاو لە قوتابییە هەرە چالاکەکانی ڕاپەڕینەکە کەرکوکییەکان بوون .بۆ نموونە یەکەم

زیندانی ئەو ڕاپەڕینە حکمت کوڕی شەهید مامۆستا حەکیم (قوتابی بەشی کیمیا پۆلی دوو)خەڵکی شۆڕجە بوو.

# ئامادەکردنی خۆپیشاندانەکە

ڕازگری نهێنی لقی کەرکوکی پارتی بەعس پێش خۆپیشان دانەکە وتبووی- کەرکوک وەک ماستی مەیوو وایە بە سانایی لەق نابێت.

لە شاری کەرکوک لە ناو قوتابیانی ئامادەییەکان و پەیمانگای تەکنەلۆژی و خەڵکانی تێکۆشەر بێلایەن و سەر بە ڕێکخستنەکانی ئەوسای پارت و گروپە سیاسیەکان ی ن ک , حشع , گروپە چەپەکان کارو کارگەران , پارتی ,حسک ) جموجۆڵ بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە ئارادابوو. بەڵام بەهۆی سام و هەیبەتی بەعس لە کەرکوک و نەبوونی ئەزموون هەوڵەکان ناکرا بە پراتیک.بەڵام کە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین گەڕانەوە بۆ کەرکوک ئەزمونیان لەم بوارەدا هەبوو وە سام و هەیبەتی بەعسیان لا شکابوو وە ژمارەیەکی زۆریان ڕاستەوخۆ لە ڕێکخستنەکان کاریان دەکرد بە تایبەت کۆمەڵە(زۆربەی زۆر بوون) و حشع و کارو کارگەران ,بۆیە ڕێکخستنی خۆپیشان دانەکە سانا تر بوو.

ڕۆژی 5-5-1982 بە گەڕانەوەی قوتابیان لە زانکۆی سەلاحەدینەوە بۆ کەرکوک جموجۆڵەکان زیادی کرد یەکەم کەس ئەیوب کوێخا ڕەزا پەیوەندی پێمانەوە کرد ,دانیشتنێکمان لە حدیقەی

قەڵا ئەنجام دا و تیایدا بڕیار لەسەر ئەوە درا پێنج شەمە کاتژمێر 9 ی سەرلەبەیانی لە نەقلیاتی سلێمانییەوە خۆپیشان دانەکە دەست پێ بکرێت.
ئەو ڕۆژە تا درەنگانێک لە پەیوەندی بەردەوامدا بووین بۆ ساز دانی خۆ پیشان دانەکە, هەواڵەکە بەهەموو کەرکوک دا بڵاو کرایەوەو خەڵکانی چالاکی کەرکوک ئاگادار کرانەوە بەڵام ڕۆژی دواتر ژمارەی ئامادەبوان لە شوێنی دیاری کراو کەم بوو بۆیە خۆپیشان دانەکە دواخرا بۆ 2 ی پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لە گۆڕستانی شێخ محێدین(شەهیدان).

## دەست پێکردنی خۆپیشاندانەکە

کاتژمێر 1 پاش نیوەڕۆ پۆل پۆل لە کوڕان و کچانی شار قوتابی و کاسب کار بە بیرو باوەڕی جیاجیاوە گەیشتنە شوێنی دیاری کراو.قوتابیانی گەڕەکەکانی ناوچەکەش خەریک خوێندن بوون لەو دەڤەرە ,گۆڕەپانی فوت بۆڵەکەی بەرتەکیەش جمەی دەهات ,ئەو ئێوارەیە یاری هەبوو.هەروەها ڕۆژی پێنج شەموانیش نەرێتی کەرکوکیەکان ئەوەیە بچنە سەرگۆڕی ئازیزەکانیان.لە هەمووشی گرنگتر دەنگ وا بوو ئەو ڕۆژە تەرمی شەهید سەفا بنێژرێت. بە ڕێکەوت لەو کاتەدا تەرمی قوربانییەکی قادسیە دەنێژرا , خەڵکەکە وایان زانی ئەوە مەراسیمی ناشتنی شەهید سەفایە بۆیە یەکسەر بە سرودی ئەی شەهیدان و دروشم دان دژ بە بەعس و ڕوخانی ڕژێم کاتژمێر 1,23 ی پاش نیوەڕۆ خۆپیشاندانەکە دەستی پێکرد.خەڵکەکە بەرەو سەر گۆڕی کوژراوەکەی قادسیە چوون , لەوێ هەردوو کۆمەڵەکە تێکەڵ بەیەک بوون ژمارەیەک لەوانەی بۆ ناشتنی کوژراوەکەی قادسیە هاتبوون تا کۆتایی خۆپیشاندانەکە لەگەڵیدا مانەوە . هەروەها ژمارەیەک لە سەیرکەرانی فوتباڵەکەش و ئەو قوتابیانەی خەریک خوێندن بوون و پێشتر ئاگاداری ساز دانی ئەم خۆپیشاندانە نەبوون تا سەر بەژدارییان کرد .
خۆپیشاندانەکە بەرەو ناو بازاڕ کەوتە ڕێ.ژمارەی بەژدار بووان مەزەندە دە کرا بە 700 بۆ 1000 کەس .لەو نێوەدا ژمارەیەک ئافرەت دەبینرا.بە گەڕەکی جمهوری (گەڕەکێکی هەژار نشینی کوردییە پاش شۆڕشی 1958 دروست کراوە)و سەید سەرووەرا بۆ حەسیرەکە و لەوێشەوە بۆ خوار بە دروشم دان و سرود خوێندنەوە کەوتنە ڕێ. لە نزیک ناوەندی ئیمام قاسمی کوڕان هێرش کرایە سەر دوکانی ئیسماعیل (وکیل شرکە افریقی) کە سەرباری ئەوەی بەعسی و جاشی شەعبی بوو دوکانەکەشی ببوە مۆڵگەی پیاوانی ئەمن .... تەواو کەلوپەلی دوکانەکەیان بەسەر یەکدا تێکداو شکاندیان, هەر لەو کاتەدا هێرش کرایە سەر ئۆتۆمۆبێلێکی دابەش کردنی بیبسی و کۆلا کە شۆفێرەکەی عەرەبێک بوو هەڵات هەرچەندە نەویسترا ئازار بدرێت , خۆپیشاندانەکە مۆرکێکی چینایەتی و دژ بە ڕژێمی هەبوو نەک دژ بە عەرەب . کەس پەلاماری هیچی نەدا بۆ تاڵان , ئەمەش دەربڕی ئاستی دەست پاکی بزوتنەوەکەیە لەو کاتەدا .هەر لەو کاتانەدا خۆپیشاندەران توشیان بوو بە توشی ژمارەیەک ئۆتۆمۆبیلی پۆلیس و چەکداری جەیشی شەعبیەوە بەڵام لە ترسان هەڵاتن.بازاڕو دوکان کە خۆپیشاندانەکەیان دەدی لە ترسان دوکانیان دادەخست و هەڵدەهاتن خۆیان دەگەیاندەوە ماڵەکانیان.لەو نێوەدا تەنها سەدای خۆپیشاندەران بوو ئەو ناوەی داگرتبوو .ڕژێم لە قاپی قەڵا بەهێزێکی گەورەوە لە

هەڵبژاردەی هێزە هەرە دڵڕەقەکانی لە ئیستخبارات و مخابەرات و ئەمن بە دڕندانەترین شێوە کە وێنەی نەبووە هێرشی کردە سەر خۆپیشاندەران .بە ئۆتۆمۆبیلەکانیانەوە بەو پەڕی تیژییەوە خۆیان کرد بەناو بەشی دواوەی ئاپورەی خۆپیشاندەراندا ژمارەیەکیان شێلا.بەدوایدا بە خوێن ساردییەوە کەوتنە گولە باران کردنی خۆپیشاندەران و گرتنی ئەوەی بەردەستیان بکەوتایە .ژمارەیەکی زۆری شەهیدو بریندار و گرتراوەکان پەیوەندییان بە خۆپیشاندانەکەوە نەبوو . کاسبکار یان ڕێبواری بە ڕێکەوت بوون .ئەو جێگەیە شوێنی هەرە قەرەباڵغی شار بوو .

خۆپیشاندەران بە کۆڵانەکانی چقورو بلاخ و گڵچیەکاندا بە ڕاکردن کەوتنە خۆ ڕزگار کردن .هێزەکانی ڕژێمیش بە دوایانەوە بوون .هەرزەکارێک ئاگای لە هیچ نەبوو کوردیش نەبوو بە ڕێکەوت لەو ناوە بوو هێزەکانی ڕژێم بێ لێپرسینەوە دارێکیان کێشا بە تەپڵی سەریا هەر لەوێ گیانی بەخت کرد .

بەهۆی ئەوەوەی ناوچەکە کورد نشین نەبوو هەروەها خەڵک زۆر لە ڕژێم دەترسان یارمەتی خۆپیشاندەرانیان نادا بگرە ژمارەیەکی زۆریشیان لێ تەسلیم کردنەوە.بۆیە ژمارەی گرتراوەکان بەرز بوو.تەنانەت لە تەکییەی سەید یاسین لە بلاخ کە سەیدی خاوەند تەریقەت بوو ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران تەسلیم کرانەوە .بەهۆی شارەزایی نەبونی خۆپیشاندەران لەو گەڕەکانە ژمارەیەک زۆریان گرتران.سەرباری ئەوەی ڕژێم پێشتر حسابی تایبەتی بۆ کەرکوک کردبوو هێزێکی زۆری بۆ تەرخان کردبوو ,لە هەمان کاتدا سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکانی باکوریش بەشی زۆری لکەکانی لە کەرکوکدا بوو.

لە ئاکامدا زیاتر لە 6 شەهید(فەرەیدون فەتحواڵلە-ئازادە سور-عەلی خەتاب-جەلال ئەحمەد-عەلی مەولود) وە 350 بریندارو گرتراو هەبوو کە بەشی زۆری خەڵکانێک بوون پەیوەندییان بە خۆپیشاندانەکەوە نەبوو , لە ناویاندا ژمارەیەک زۆر لە قوتابیا ن هەبوو خۆی دەدا لە زیاتر لە 75 قوتابی .

دوای خۆپیشاندانەکە ڕازگری نهێنی پارتی بەعس وتبووی وامان زانی کەرکوک ماستی مەیوە بەڵام ئاژاوەی تێ کەوت. ڕۆژی دوای خۆپیشاندانەکە گروپی کار بەیاننامەیەکی دەرکرد ژمارەی قوربانیانی بە 6 و گرتراوو بریندارەکانیشی بە ژمارەیەکی زۆر دیاری کرد, هەرچەندە فەرەیدون فەتحواڵلە دواتر شەهیدکرا.لە ناو گرتراوەکان کچێکی دەبینرا هەڵە نەبم بەناوی پرشنگ کە هەڵسوڕاوێکی چالاکی خۆپیشاندانەکە بوو.

ئەو شەوە هێزەکانی ڕژێم تا بەیانی لە پشکنین و چاودێری ناوچەکانی بلاخ و حەسیرەکەدا بوون و ڕۆژانی دواتریش هەڵمەتی گرتن بەردەوام بوو.بۆ ڕۆژی دواتر لە ترسی دوبارە بونەوەی خۆپیشاندانەکە لە گەڕەکەکانی شۆرجە , ڕەحیماوە,حەسیرەکە,شارع جمهوری,ئازادی و ئیمام قاسم و .... لە ژێر چاودێری وردی هێزە سەرکوتکەرەکانی بەعسدا بوو .هەروەها هەموو جموجۆڵێکی قوتابیان کەوتە ژێر چاودێری وردەوە ,بەردەوامیش بە دوای ئەوانەدا دەگەڕان کە لە لایەن هەندێ گرتراوەوە ناویان درابوو .بەشی زۆریشیان قارەمانانە بەرگەی لێدانیان گرتوو نهێنیەکانیان نەدرکاند.

گرتن هەر بەردەوام بوو تەنانەت ڕۆژی 9-5 لە گەڕەکی بلاخ قوتابی فەرەیدون فەتحولا بە ئامادە بوونی خالی فەخرەدین موختار لە لایەن مۆفەق ئەمنی ناوچەکە بوو گرتر.پاشان لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی بەخت کرد.بۆ دادۆشینی زانیاری و چاوترساندنی خەڵک لە هیچ دڵ ڕەقییەک سڵیان ناکردەوە.لە زینداندا ڕاستەوخۆ پەنجەی پێی هاولاتی عەبدولخالقیان سوتاند و کە پاشان هەر پێنج پەنجەکەیان بڕییەوە کە ڕۆژی پاش خۆپیشاندانەکە لە ماڵی خۆیان لە ئیسکان گرتبویان.ئیتر دەریایەک نمونەی دڕندەی بەعس هەیە ئەگەر شایەد حاڵەکانی بیگێڕنەوە.

## دروشمەکانی خۆپیشاندانەکە

زۆربەی پارتە سیاسییە چەکدارەکانی ئەوسا بە کۆڕو کۆمەڵە چەپڕەوەکانەوە کە لە شارەکان چالاک بوون هەر لایەنەی بە ئەندازەی قەوارەی ڕێکخستنەکانی خۆی بەژداری خۆپیشاندانەکەیان کرد.بەلام چەپەکان کە بریتی بوون لە کۆمەڵە و حشع و کارو کارگەران بە تایبەت کۆمەڵە لە لایەنەکانی کە زۆر چالاکتر بوون و مۆرکی خۆیان بە دروشمەکانەوە نا.
گرنگترین دروشم لە خۆپیشاندانەکە بەرز کرایەوە بریتی بوو لە :-
بڕوخێ ڕژێمی فاشی بەغدا.
بڕوخێ ڕژێمی سەرمایەداری بەغدا.
بەهێزی مامە ڕیشە ,دەدەین دوژمن لە شیشە.
سدام عدونا,الجنود اخواننا.
ئێمە نەوەی مارکسین لە پەت و سێدارە ناترسین.
ڕاوەستانی دەست بەجێی شەڕی عێراق ئێران.
سەربەخۆیی بۆ کوردستان.
بەهێزی کرێکاران ڕزگار دەکەین کوردستان.

## دوبارە نەبونەوەی خۆپیشاندانەکە

قەوارەی زیانەکان و تۆقاندنی جەماوەر وە دامرکانەوەی گڕو کڵپەی ڕاپەڕین لە شارەکانی کەی کوردستان هۆکاری دوبارەنەبوونەوەی خۆپیشاندانەکە بوو لەو ساڵەدا.بەلام ئەوەی نەتوانرا سالانی داهاتوو یادی بکرێتەوە ئەوە ئۆباڵەکەی دەکەوێتە سەر شەڕی ناوخۆیی کە لە ئایاری 1983 بە شەڕی نەگریسی قەڕناقاو پشت ئاشان گەیشتە ترۆپک.
لە کۆتاییدا دەڵێم دۆکومێنت نە کردن و یادنەکردنەوەی ئەم کارەساتە خوێناوییە لە ئەستۆی سەرجەم هێزە سیاسیەکانی ئەوسای کوردستانە.بە هەڵگیرسانی شەڕی نەگریسی ناوخۆیی ورەی جەماوەر هێنرایە سەر سفر .مێژوو سەلماندویەتی شەڕی ناوخۆیی چەندە قەوارە بچوکیش بێت هۆکاری سەرەکی ڕوخانی ورەی جەماوەرە.

www.dengekan.com

www.dengekan.com